# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە ڕکوع بردن بووایە؛ بۆشایی دەخستە نێوان پەنجەکانی، وئەگەر لە سوجدە بردن بووایە؛ پەنجەکانی پێکەوە دەلکاند

لە وائیلی کوڕی حوجرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە ڕکوع بردن بووایە؛ بۆشایی دەخستە نێوان پەنجەکانی، وئەگەر لە سوجدە بردن بووایە؛ پەنجەکانی پێکەوە دەلکاند».

[صەحیحە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە ڕکوع بردن بووایە؛ بۆشایی دەخستە نێوان پەنجەکانی): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕکوع بردندا بە هەردوو ناو لەپی؛ ئەژنۆکانی دەگرت وبۆشایی دەخستە نێوان پەنجەکانی چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بە ڕێکتر وباشتر مرۆڤ ڕکوع ببات ودەبێتە هۆی ئەوەی سەری وپشتی ڕێک ویەکسان بن. بەڵام لە کاتی سوجدە بردندا هەردوو ناولەپی دەخستە سەر زەوی، ویەنجەکانی پێکەوە دەلکاند، بۆئەوەی بە تەواوی هەموو ئەندامەکان ڕوویان لە قیبلە بێت، وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی سوجدە بردن ئاسانتر بێت لەسەر مرۆڤ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10928